# ئارەزووی گێڕانەوە، ئاشکراکردنی ئارەزوو

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا



٢١ی نیسانی ٢٠٢٥ وتار

بە گشتی هەموو سەردەمێك ئارەزوو (یان پاڵنەر)ی گێڕانەوەی خۆی هەیە، بۆیە نابێ لێکچوونی نێوان گێڕانەوەکان بە تێنەگەیشتنی ئارەزوو سەرسام نەبێت و وامان لێ بکات تەنها بڕوامان بە لێهاتوویی و شارەزایی و ئەزموون هەبێت! ئەگەرچی لێهاتوویی و شارەزایی و ئەزموون بەربەستەکان دەکاتە ئامراز و نەگونجاوەکان دەکاتە هاوپەیمان. کەواتە ئەوەی پێویستە دەستنیشانیان بکەین، ئەو جیاوازییانەیە، کە لەنێوان خودی گێڕانەوە و ئارەزووی کاراکتەرەکاندایە، لەنێوان نێوەندگیری ئارەزوو (یان بابەتی ئارەزوو) و ڕکابەردایە. لێرەوەیە، کە خودی ئارەزوو مەودای نێوان گێڕانەوە و پاڵەوان و بابەتەکە دەبڕێت. دەمەوێ بڵێم لەلایەك پێویستە جیهانی سەربەخۆی گێڕانەوە و کاراکتەرەکان لە یەکتر جیا بکەینەوە، لەلایەکی دیکە دەبێ باس لە ئەگەرەکانی نێوەندگیری دەرەکی

و ناوەکی بکەین، نەبادا نێوەندگیری ناوەندی یەکێکیان و ویستی کەسی ناوەندی ئەویدیکە داگیر بکات. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش باس لە نێوەندگیری بەیەکداچوو دەکەین.

## سێگۆشەی ئارەزوو

مرۆڤ وەک گەورەترین نهێنی دەمێنێتەوە، گێڕانەوەش وەك یەکەم گەڕانی ڕۆحی مرۆڤ، هەمیشه زانستەکانی دیکەی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێت. بەڵام لەگەڵ هەموو پێشکەوتە جیاوازەکانیش ئەگەر خەیاڵ نەبێت، مرۆڤ ناتوانێت بە تەنیا ئارەزووی شتێک بکات، بەو مانایە ئارەزووی مرۆڤ جگە لە بابەتی بەدواداگەڕان پێویستی بە لایەنی سێیەم هەیە، کە ڕێنمایی ئەو شتە بکات، کە ئارەزووی دەکات، دەشێ لایەنی سێیەم لە دەرەوەی ڕووداوی گێڕانەوەدا، خەیاڵ بێت. و لە ناوەوەی گێڕانەوەشدا ڕکابەر.

بەو شێوەیە لە گێڕانەوەدا پەیوەندی لەنێوان پاڵەوان و نێوەندگیردا سەرهەڵدەدات، بە مانایەکی دیکە لەگەڵ ڕەخنەگری فەرەنسی ڕێنێ ژیرار و (سێگۆشەی ئارەزوو- مثلث الرغبة)دا تیشک دەخەینە سەر گێڕانەوە و خواستی لاساییکردنەوە. (ڕێنێ ژیرار) پێمان دەڵێت، کە ئارەزووەکانمان لە ئێمەدا بوونیان نییە، تەنها لاساییکردنەوە و دەنگدانەوەی ئارەزوو و خواستەکانی ئەوانیدیکەن، هەرگیز ئارەزووەکانمان پاڵنەری تاکەکەسی نین، بەڵکوو پاڵنەری بە کۆمەڵ و کۆمەڵایەتین.

کەواتە بۆ ڕوونکردنەوەی گەورەترین و ئاڵۆزترین بابەتەکانی پەیوەست بە هۆشیاری مرۆڤ و (ئارەزوو)ەوە قسە لە پرسی ئازادی هەڵبژاردن (خەیاڵی هەڵبژاردن) دەکەین. لەو قسەکردنەشدا مەبەست ئەوەیە، کە بڵێین پەیوەندی نێوان کەسی ئارەزووخواز و بابەتی خوازراو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکوو بە نێوەندگیر(یان ڕکابەر)دا تێدەپەڕێت! لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئارەزوو فۆڕمی نوێنەرایەتیکردنی ئارەزوو وەردەگرێت، کە هەر (سێ) لایەنەکەی ئارەزوو، واتە (کەسی ئارەزووخواز و نێوەندگیر و مەبەستی خوازراو) دەگرێتەوە. ڕێنێ ژیرار لە بنیاتنانی ئەم تیۆرییەدا پشت بە تیۆریی لاساییکردنی (ئەفلاتون) دەبەستێت، کە (ئەرستۆ) فراوانتری کردووە و ڕەهەندێکی ڕەفتاری بۆ زیاد کردووە، کە بە گێڕانەوەی خەیاڵی ناسراوە. بەو مانایەش بە بۆچوونی

ژیرار، ئەو بیرۆکەیەی کە هەموو ساتێک ڕۆڵی ئارەزوو-پاڵنەر لە گێڕانەوەدا دەگێڕێ و هەموو بیرۆکەکانی دیکە بۆی دەگەڕێنەوە، سێگۆشەی ئارەزووە.

ئەنترۆپۆلۆژیست و ڕەخنەگری ئەدەبی (ڕێنێ ژیرار Réne Girqrd) لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری (ئەڤینۆن)ی فەرەنسا لە باوکێکی کۆماریخواز و عەلمانی و دایکێکی دینداری کاسۆلیکی لەدایک بووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣ بۆ ١٩٤٧ لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی لە (پاریس) پسپۆڕی مێژووی سەدەی ناوەڕاست بووە، دواتر لە ساڵی ١٩٤٧ بۆ خوێندن گەشت بۆ (ئەمریکا) دەکات و لە ساڵی ١٩٥٠ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی (ئیندیانا) بەدەست هێناوە، هەر زوو لەوێ ئەدەبیاتی خوێندووە. پاشان لە ساڵی ١٩٥٧ ڕووی لە زانکۆی (جۆنز هۆپکینز) کرد، لە ساڵی ١٩٦٦ بەشداری سیمپۆزیۆمێکی (ندوة) نێودەوڵەتی لەسەر (زمانی ڕەخنە و زانستە مرۆییەکان) دەکات، کە تێیدا بەشداربووان بریتی بوون لە ڕۆلان بارت، ژاک دێریدا و ژاک لاکان.. لە ساڵی ١٩٦٨ ژیرار لە زانکۆی (بوفالۆ) ڕووی لە وانەگوتنەوە کرد، تا ساڵی ١٩٧٢، دواتر بۆ زانکۆی (جۆنز هۆپکینز) گەڕایەوە. لە ساڵی ١٩٨٠ جێیهێشت و ڕووی لە زانکۆی (ستانفۆرد) کرد و تا دوای خانەنشینبوونی لە ساڵی ١٩٩٥ لەوێدا مایەوە و لە ساڵی ٢٠٠٥ پەیوەندی بە ئەکادیمیای فەرەنسییەوە کردووە و بووە ئەندامێکی دیاری ئەو ئەکادیمیایە. (ڕێنی ژیرار) لە کتێبی (الكذبة الرومانسية والحقيقة الروائية، ترجمة الدكتور رضوان ظاظا، و مراجعة الدكتور سعود المولى، بيروت 2008، ص5-22 )دا دەڵێت: مرۆڤ بۆ ئەوەی ئارەزووی شتێک بکات، پێویستی بە لایەنی سێیەم هەیە، کە (ڕکابەری) لەسەر ئەو شتە بکات، کە ئارەزووی دەکات، وەك چۆن قسە لە سێگۆشەی ئارەزوو دەکات، ئارەزووی لاساییکردنەوەش بیر دەخاتەوە و ئاماژە بۆ قووڵاییە کولتوورییەکەی دەکات.

سێگۆشەی ئارەزوو بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان بەو ئەنجامە دەگات، کە پاڵەوانی ناو ڕۆمان کاتێک ئارەزووی هەر شتێک دەکات، پێویستی بە نێوەندگیرێکە کە لەسەر (بابەتی خوازراو- ئۆبێکت) ڕکابەری کەسی ئارەزووکەر (سوبێکت) بکات و ڕووناکی بکاتەوە. ئەوەی گوزارشت لەو پەیوەندییە سێ قۆڵییەش دەکات (بۆشاییی خوازە)یە، دەتوانم بڵێم بۆشاییی خوازە، بۆشاییی خەیاڵی نێوان ئارەزووخواز و ڕکابەرە، کە بە شێوەیەکی سروشتی سێگۆشەکە بەیەکترەوە دەبەستێتەوە. کتێبی ناوبراودا ئارەزوو وەک گێڕانەوە ناو دەبات.

لە ڕوانگەی ژیرارەوە لە ڕۆمانی (دۆن کیشۆت)دا ئەوە دۆن کیشۆت و ئەمانیسی ڕاستگۆیە دەستبەرداری ئیمتیازە سەرەتاییەکانی فەردانیەت بوون، واتە چیتر دۆن کیشۆت ئارەزووی خۆی هەڵنابژێرێت، بەڵکوو ئامادیس بە ناوی خۆیەوە هەڵیاندەبژێرێت. لەوێشەوە بەپەلە بەرەو ئەو بابەتانە دەڕوات کە (مۆدێلی سوارچاکی)یە، (واتە ڕێنی ژیرار مۆدێلی سوارچاکی وەك نێوەندگیری) ئاماژە پێ دەکات و بە نێوەندگیری ئارەزوو ناوی دەبات. بە بۆچوونی ژیرار، ژیانی سوارچاکی لە لاساییکردنەوەی خەونەکانەوە هاتۆتە بەرهەم.

بەڵام کێشەی مرۆڤی مۆدێرن بێهودەییە، وەك چۆن ئەو مرۆڤە خۆبەزلزانە ڕۆمانسییە ناتوانێت ئارەزوو لە قووڵایی خۆیەوە دەربهێنێت، بەڵکوو لە کەسانی دیکەی قەرز دەکات. پاڵەوانەکانی فلۆبێر جگە لەوەی خۆیان مۆدێلێکن و دەتوانرێت وەك جووڵە، تۆنی دەنگ و جل و بەرگ لاسایی بکرێنەوە، بەپێی ئەویدیکەش کار دەکەن. لە ڕۆمانەکانی فلۆبێردا ئیما بۆڤاری لە ڕێگای پاڵەوانانی ڕۆمانە ڕۆمانسییەکانەوە، کە خەیاڵیان سیخناخ کردووە، هەست بە ئارەزووی خۆی دەکات. واتە کاراکتەرەکانی فلۆبێر دووچاری هەمان نەزانی و هەمان لاوازی و نەبوونی و هەمان کاردانەوە و ملکەچی پێشنیاری هەمان ژینگەی دەرەکیین، هەموو ئەوانەش بەهۆی نەبوونی پێشنیارێك لەلایەن خۆیان و ناوەوەی خۆیانەوە.

دەشێ بە بۆچوونی ڕێنێ ژیرار هەموو بەرهەمە خەیاڵییەکان لە دوو بنەمادا کۆ بکەینەوە، چونکە بەرهەمە خەیاڵییەکان خەسڵەتە لاوەکییەکانیان زۆر تێدا بڵاوە. بۆیە بۆ بنەمای یەکەم، دەتوانین باس لە نێوەندگیری دەرەکی بکەین، کە مەودایەکی تەواویان لەنێواندا هەیە، بۆ ئەوەی ئەگەرەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکاندا بەیەکدا نەچن، یان نەبادا نێوەندگیری یەکێکیان ئەویدیکەیان داگیر بکات. بنەمای دووەم، دەشێ باس لە نێوەندگیری ناوەکی بکەین، کاتێک کاراکتەری ڕۆمانەکان بەیەکدا دەچن، یان دوو بازنە لە گێڕانەوەدا بە قووڵی بەنێو یەکتردا تێدەپەڕن! لە بنەمای یەکەمدا لە ڕووی ماددییەوە تا ئەندازەیەك دەتوانین مەودای نێوان بابەت و کەسی ئارەزووخواز بپێوین، بەڵام لە بنەمای دووەمدا لە ڕووی مەعنەوییەوە مەودای نێوانیان ناپێورێت. دۆن کیشۆت و ساشۆ قوربانیی ماددیین و ناتوانرێت نێوانیان لە مەودای کۆمەڵایەتی و فیکریی تەجاوز بکرێت. بەڵام لە ڕووی مەعنەوییەوە هاوخەیاڵن. بۆیە لە ڕووی مەعنەوییەوە لاساییکەرەوەی خەیاڵن و ئەوانەی حەز لە گەمەی خەیاڵی دەکەن، دووچاری دووبەرەکی ناوەکی دەبنەوە، چونکە بونیادی خەیاڵی بە خێرایی دەبێ بە بڕوا و هاوشێوەکردنە ماددییەکە

دەڕووخێنرێت و سروشتی ئەبستراکت وەردەگرێ و لەوێشەوە پارچەپارچەبوون و نیگەرانی پیادە دەکات. بەڵام هەردووکیان لەسەر شاردنەوەی بوونی بابەتی نێوەندگیری کۆکن.

کەواتە نێوەندگیری خەیاڵی هەمیشە دەڵێ هەموو ئەم بابەتانەی تۆ هیچ نین جگە لە وەرگێڕانێکی جوانکارییانەی خەیاڵ نەبێت. بەو مانایەش نێوەندگیری ناوەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هەموو ئەو ئارەزووانەوە دەکات، کە هەمووان بەرگری لێ دەکەن. لێرەوە دەتوانین بڵێین کێشەی پەیامی ڕۆمانی کلاسیکی لە دەستنیشانکردنی چەمکی ئارەزوو دەگەڕێتەوە بۆ بەرجەستەکردنی خودبوون. (بۆ زێتر بەدواداچوون بڕوانە ل37، هـ.س.پ).

## ئارەزوو و ڕکابەریکردن

لە مۆدێرنەدا چەمکی ڕکابەری بەهۆی هاویەکبوونی دوو ئارەزووکەر بۆ یەک بابەت سەرهەڵنادات، بەڵکوو بابەت ئارەزووی خود دەکات. دۆزینەوەی مۆد ئاسانترین دیارخەری ئەو بێهودەییەیە، کە ئەمرۆ لەگەڵ خۆی دەمانبات. ئێمە دەبینین بۆ نموونە ژنان ژیانیان بە کڕینی جل و بەرگ و ئیکسسوارات بەسەر دەبەن، نەك بۆ ئەوەی سوودی لێوەرگرن، بەڵکوو بۆ ئەوەی لاسایی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی بابەت ئارەزوویان دەکات. هەروەک چۆن ئەو گەنجانەی کە لاسایی ئەستێرەکانی وەرزش، یان سینەماکاران دەکەنەوە و هەریەک لەمانە زیادەڕەوی لە سۆز و جیاوازی کەسی و چێژی خۆیان دەکەن، کە هەیانە، یان بە شێوەیەکی سروشتی پێیان بەخشراوە. مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی هەوڵبدات کەسایەتییەکی تر جگە لە کەسایەتیی خۆی وەربگرێت، هەوڵ دەدات لە ڕێگای لاساییکردنەوە خۆی بگۆڕێت بۆ کۆپییەکی ڕووکەش. هەڵبەتە ئەوە ڕێگایەکە، کە مرۆڤی مۆدێرن لە ناوەڕۆکەکەی بەتاڵ دەکاتەوە و وای لێ دەکات تووشی بۆشایی و بیابانبوونی ڕۆحی و بە بابەتبوون بێت.

مرۆڤی تەکنۆلۆژی (مۆدێرنە) ئیگۆیەکی هەیە، کە لە خۆیدا توانای ئارەزووکردنی خۆی لە پێناو بەبابەتبوون لەدەست داوە. ئەگەرچی لە ڕووی تەکنۆلۆژییەوە هەمیشە بەرەو پێش دەچێت، بەڵام هەتا لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان و چالاکییەکانیشدا هاوتای لاساییکردنەوەی سۆز و سۆزی تاکە جیاوازەکان نییە. ئێمە جلوبەرگێکی ئارەزوومەندانە و سۆز و شکۆمەندیی خۆمان دەپۆشین. چالاکیی خەیاڵی ئێمە لە هەموو تەمەنەکاندا پەیوەستە بە سێگۆشەی ئارەزووەوە. بەو

مانایەی کە مرۆڤ لە سیحری سێگۆشەی ئارەزوو دەرناچێت، کە دەرچوو، تووشی بەبیابانبوون دەبێتەوە.

مرۆڤ سیحری ئارەزووی لێ نابێتەوە، تەنها لە لێواری مردندا نەبێت. لە وەسفەکەی ڕێنێ ژیراردا ڕوونە کە لاساییکردنەوەی کوێرانەی پیاوانی ئایینی یان بانگخوازێک لە وەسوەسەی سەرسامبوون بە یاریزانێکی تۆپی پێ، کەمتر نییە. بۆیە ئەوانەی توانای بیرکردنەوەی سەربەخۆیان نییە، ئەوانەی هەستە ڕاستەقینەکانیان لە تێکەڵەیەکدا لەدەست دەدەن، بە شێوەیەکی شەخسی ئارەزووی ئەویدیکەی دراوسێ دەکەن، لە بێهوودەییدا دەژین. بە کورتی ڕێنێ ژیرار ئاماژە بە کورتە قسەیەکی بیرمەند (ماکس شێلەر) دەکات، کە دەڵێت: مرۆڤ یان خودایەکی هەیە یان بتێکی هەیە. لەوێوە باسی ئەوە دەکات، چۆن مرۆڤ بزانێت کە خۆبەزلزانە؟ بۆچی (بۆ نموونە) زۆربەی چیرۆکە خۆشەویستییەکان دوای هاوسەرگیری شکست دەهێنن؟ بێگومان چونکە ئەو خۆشەویستییە پەلەی تێدا کراوە. خۆشەویستی پاڵنەرێکی ڕاستەقینەی هەستەکان نەبووە، بەڵکوو لەبەر لایەنی سێیەمە کە ئیرەیی وروژاندووە، خۆبەزلزانینەکەی ناوەوەی وروژاندووە بۆ ئەوەی کێبڕکێ بکات. بەڵام دوای ئەوەی مەترسی ڕکابەرەکەی تێپەڕاندووە، دوای ئەوەی کە ئەویدیکەی ڕکابەردەبڕێت، ئیتر دەکەوێتە بۆشاییەوە، ئیتر ئیرادەی ئازادیی خۆی بەجێ دەهێڵێت و دەبێتە عاشقێکی شکستخواردوو.

بە دیوەکەی دیکەش لەبیرمان نەچێ بەدەرنانی ڕکابەر و غیابی پەیوەندی لەگەڵ ئەویدیکەدا کەسایەتی دووچاری شێوانی دەروونی دەکات. کەواتە وەك چۆن خۆبەزلزان نابێتە هۆی ڕەزامەندی. نەرگزییەتیش نابێتە هۆی ڕەزامەندی، بەڵکوو لە دوو لاوە دەبێتە هۆی برینداركردن. بەو مانایەش سڕینەوەی هێڵی نێوان خود و ئەوی تر، لە ناوەوە و دەرەوەدا مرۆڤایەتی بریندار دەکات.

لە نێوان نەرگزییەت و خۆبەزلزان و سڕینەوەی ئەویدیکەدا ئەزموونی سەرکەوتوو بریتییە لە پارێزگاریکردن لە مەودای پەیوەندییەکان ئەوەی (ئارسەر شوبنهاوەر) وەك (دووفاقی ژووژك- معضلة القنفذ) قسەی لێ کردووە. (هونەرکاری ئەدەبیش لەوەدایە کە ئاست و مەودای ڕەگەزە ئەدەبییەکانی بپارێزێت) واتە بەبێ ئەوەی لە پەیوەندیدا بڕێک - کە ڕەنگە زۆر بێت – زیان بەیەکتر بگەیەنین و بێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییە مرۆییەکان، پێویستە لە پەیوەندیگرتندا مەودایەك هەبێت، یان بە مانایەکی دیکە پێویستە سنووری ئازادیی یەکتری بپارێزین.

کەواتە درووستی پەیوەندی نێوان خود و ئەوی تر، نێوان ڕەگەزێك و ڕەگەزێکی دیکە، هەر ئەوە نییە، کە خود بەدوای ئازادیی خۆیدا دەگەڕێت، بەڵکوو ئەوەیە، کە بە دوای ئازادیی ئەوی تری خۆیدا دەگەڕێت، لە ئەوی تردا. لەو زنجیرە گەڕانەدا، لە ئەرزشدانان بۆ ئازادیی ئیگۆ درێژ دەبێتەوە بۆ ئەوەی ئەویدیکەش بە ئازادیی خۆی بگات. بەو مانایە خۆخۆشەویستن بە نەرێنی تەماشا دەکرێت، تا ئەو ئەندازەیەی کە خود ئەویدیکە لە بەرژەوەندیی خۆیدا بێبەها نەکات! ڕێز لە سنووری ئازادییەکانی ئەویدیکە بگرێت. کەواتە بەریەککەوتنی درووستی پەیوەندییەکان بەو مانایە دێ، کە هەمیشە دووری نێوان خۆت و ئەویدیکە لە ڕێگای دانانان بە سنوورەکانی ئازادی بپارێزیت. لە بەرانبەردا خۆبەزلزان و نەرگزییەت بریتییە لە کاڵکردنەوەی سنوورەکانی ئازادی. پەیوەندیی درووست و ئەرزشدانان بۆ ئازادی و ئازادیی ئەویدیکە شادیبەخش و دڵخۆشکەرە. واتە کاتێک دوو شوناس پێکەوە کۆ دەبنەوە، یەکتری تەواو دەکەن، چێژ و شادی بە یەک دەبەخشن. ئەگەرچی وەك (زیگمونت باومان) دەڵێت دەست بخەیتە سەر هەر بژاردەیەک، شتێک بەدەست دەهێنیت و شتێک لەدەست دەدەیت. هیچ ڕێگایەکی تر نییە. بەداخەوە ناتوانیت هەردووکیانت هەبێت. بۆیە خەڵک خۆی بۆ یەکلا نابێتەوە، ڕاڕا و دوودڵە. ئەگەرچی هەمیشە چانسی ژیانێکی تر هەیە.

## ئەفسانەی ئارەزوو و ئەفسانەی گێڕانەوە

لە ڕۆمانی (غەریب)ی (ئەلبیر کامۆد)ا پاڵەوانە زیندانیکراوەکەی دەڵێ: سەرەتای بەندیم سەخت بوو، بەڵام هەوڵمدا و بەسەرییدا تێپەڕیم. من لە زینداندا بە ئارەزووی ئازار دەچووم، ئەوەش شتێکی ئاسایی بوو. هێشتا گەنج بووم، تەنیا بیرم لە (مێری) نەدەکردەوە، بەڵکوو بیرم لە هەموو ژنێک دەکردەوە. بیرم لە هەموو ژنێک دەکردەوە. لە هەموو ئەوانەی کە لە ژیانمدا ناسیبووم. لە ڕێگای ئەفسانەی ئەو گێڕانەوەیەدا لە ئەفسانەی ئارەزوو و ئارەزووی ئەفسانە دەگەین. تێدەگەین، کە ئارەزوو و ئەشکەنجە لێکدوور نین، بۆیە بیرکردنەوە لە مێینە و ئارەزووکردنیان لەناو زینداندا، واتە بەدیهێنانی ئارەزووەکانم، کە خەونی ئارەزووی ئەویدیکە ڕەنگ دەکات. بەڵام ئایا زیندانیکردن کاریگەریی نەرێنی لەسەر بینینی خەونەکانی من نییە، بۆ تێرکردنی خەونی ئەو ئارەزووانەی کە پێشتریش لە دەرەوەی ژووری ڕەشدا هەر خەون بوون، ئایا لە زینداندا خەونی ئارەزوو ئەفسانە نییە؟

(ئەلبیر کامۆ) لە ڕۆمانی (غەریب)دا هەوڵ دەدات دەست بۆ خەونی ئەو پرسیارە سەرەکی و لاوەکییانە بەرێت و بێ کەسایەتیی زیندانیکراو گوزارشت لە دیاردەیەکی نەرێنی دەکات، بەدیوەکەی دیکەش ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئارەزووە بەدینەهاتووەکان بەبێ ئازادی مەیسەر نابێت، بەڵام خۆ ئارەزوو چ لە ناوەوە بێ یان لە دەرەوە هەڵگری هیچ فۆڕمێك نییە. ئایا ئەوانەی ئازاد نیین فۆڕمییان هەیە؟ بێگومان خەونی بە فۆڕمبوونیش بۆ خۆی پرسیارە، بۆخۆی ئەفسانەیەکە و مێژووی سەرکوتکردن لەناو کەسایەتی (کاراکتەری) ڕۆمانی غەریبدا دەینووسێتەوە!

کەواتە ئەفسانەی ئارەزووکردن، ئەفسانەی هەموو ئەو خەونانەیە، ئەفسانەی هەموو ئەو فۆڕم و بێ فۆڕمانەیە، کە لە ئەفسانەی گێڕانەوەی (غەریب)دا ڕەنگی داتەوە. بۆ نموونە (ئەمڕۆ دایکم مرد) هەر بێ فۆڕمی نییە، خەیاڵی نامێژووییشە! (غەریب) بە خەیاڵی نامێژووییەوە دەناسرێتەوە. هەر لە سەرەتاوە دەبینین لە ڕۆمانی (سوور و ڕەش)ی (ستاندال)دا مەودای نێوان پاڵەوان و نێوەندگیرەکەی کەمتر نییە، لە هاوتاکەی لە ڕۆمانی مادام بۆڤاریدا. بەڵام (ئەمڕۆ دایکم مرد) وەك دەستپێکی ڕۆمانی غەریب ئەم مەودایە تێدەپەڕێنێ و ئیرادەی ئازادی دەچەسپێنێ، ئەوەش ئەوەیە، کە لە بنەڕەتدا جیهانی سەربەخۆ لەو جیهانانە جیا دەکاتەوە، کە لە سەرەوە باسمان کرد. لە هەردوو باردا ئەفسانەکانی گێڕانەوە، ئەو خەونە زۆر کۆن و نوێیانەن کە بەڵگە بۆ سەلماندیان لە بەردەستدا نییە، تەنها بەڵگەیەك کە هەبێت، ئەوەیە، کە لەسەر ئەفسانەی ئارەزووە چەپێنراوەکانی مرۆڤ درێژ دەبنەوە. چونکە ئەفسانەکانی ئارەزوو، ئارەزوو ئەو خەونانەن، کە ئەگەرچی چەپێنراون، بەڵام ڕەگەز و پێکهاتەکانیان شاراوە نیین، لەبەر هەندێ هەرچۆنیان لێك بدەینەوە لە سنووری مرۆڤ و دەروونی مرۆڤ دەرناچن. لە بنەڕەتدا ئارەزووی گێڕانەوە بۆ ڕاڤەکردنی جیهان، یان وەك بەرپەرچدانەوەی مرۆڤی سەرەتایی لە بەرانبەر هێزە سروشتییە ناسراو و نەناسراوەکاندا دارێژراون، بۆیە بەردەوام زاراوەی ئەفسانەی ئارەزوو تێکەڵ زاراوەی ئەفسانەی گێڕانەوە و ئاوێتەی ئەمڕۆ و دوێنێ دەبێت.

بە شێوەیەکی گشتی لەو نووسینەدا دەمەوێ لە ڕێگای (ڕۆلان بارت-أسطوريات، ترجمة د. قاسم مقداد، وصدرت عام 2012 عن دار التكوين،)ەوە خەسڵەتی مێژوویبوون لە ئەفسانەی گێڕانەوە و ئارەزووی گێڕانەوە بکەمەوە! ئەگەرچی مێژووی گێڕانەوە لە ئوستوورە نزیکە..

بە مانایەکی دیکە دەمەوێ بۆ ئەفسانەی ئارەزووی گێڕانەوە هانا بۆ لێکدانەوە جیاوازەکانی بارت بەرم. چونکە رۆلان بارت وەك ئەنترۆپۆلیستەکان لە ئەفسانە ناکۆڵێتەوە، بەڵکوو وەك رەخنەگرێکی مۆدێرنی ئەدەبی قسە لە جۆرێکی دیکەی ئوستوورە دەکات، ئەویش ئوستوورەی سەردەمە! ئوستوورەی سەردەم لە رێگای ئارەزووی گوتارەوە، رابردوو و ئێستا و داهاتوو بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لە (ئوستوورەی ئەمرۆ)دا بارت پێناسەیەک، یان وردتر کۆمەڵێک پێناسە، بۆ ئەفسانە دەخاتە ڕوو و دەڵێ ئوستوورە سیستەمێکی پەیوەندییە، نامە و فۆرمێکە لە مانادا، هەموو فۆرمێکیش ملکەچی بەکارهێنانی بە کۆمەڵ و ملکەچی خواستەکانی گوتارێکە کە دەگۆڕێت بۆ ئەفسانە، وەك شێوەی قسەکردن، نووسین، وێنە، پروپاگەندە، وەرزش، چالاکییە کولتووری یان کۆمەڵایەتییەکان. کەواتە ئەفسانە لای بارت نە چەمکە، نە بیرۆکەیە و نە شتێکە. بەو مانایەش ڕۆلان بارت ئەو کەسەیە کە ئەفسانە زیندوو دەکاتەوە و ئەو کەسەیە کە ئەفسانە دەکوژێت.

ئەفسانە قسەکردنە. بەڵام هیچ قسەکردنێك نییە، لە مێشکماندا یەکسەر پێکدادان لەگەڵ سێگۆشەی ئارەزوو درووست نەکات، هیچ ئوستوورەیەك نییە، دژایەتییەك لە پرۆسە و رێکخستنەوەی گرامەر دروست نەکات. ئەفسانە لە پێناسەی (بارت)دا ئەو رێگایەیە (بۆ نموونە کە نامە خۆی پێدەگەیەنێت) کەواتە بەرهەمی (قسەکردن – الکلام)ە، نەوەک زمان (اللغة). هەمیشە ئەوەی دەگوترێت شتێک دەشارێتەوە، بەڵام چۆنیەتیی گوتنی ئەوەی دەگوترێت گرنگە، نەك شێوانەکەی. لە ڕاستیدا ئەفسانە نە درۆیە، نە دانپێدانان، بەڵکوو ئارەزووی گێڕانەوەیە.

هەولێر 2025/2/9